هەستە نوێژی وێتر بکە ئەی عائیشە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی دەکرد، ئەویش لە پێشیەوە خەوتبوو؛ ئەگەر تەنها نوێژی وێتری بمایە، ئەوا ئەویشی هەڵدەستاند ونوێژی وێتری دەکرد. ولە ڕیوایەتێکدا: ئەگەر تەنها نوێژی وێتری بمایە، دەیفەرموو: «هەستە نوێژی وێتر بکە ئەی عائیشە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەو نوێژی دەکرد، وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- لە نێوان دەستی ئەو خەوتبوو (لە بەرامبەری خەوتبوو)، ولە ڕیوایەتێکی (البخاري ومسلم)دا: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی دەکرد ومنیش لە نێوان ئەو وقیبلە ڕاکشا بووم، وەکو ڕاکشانی جەنازە). ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەونوێژی تەواو بکردایە، پێش ئەوەی نوێژ وێتر بکات؛ عائیشەی هەڵدەستاند بۆ ئەوەی نوێژی وێتر بکات، لە ڕیوایەتەکەی (مسلم)دا، ئەگەر تەنها نوێژی وێتر بمایە، دەیفەرموو: (قُومِي فأوْتِري يا عائشة)، واتە: (هەستە ئەی عائیشە نوێژی وێتر بکە). لە ڕیوایەتەکەی (أبي داود)دا: (حتى إذا أراد أن يوتر أيْقَظها فأوترت)، واتە: (ئەگەر بیویستایە نوێژی وێتر بکات، ئەوا عائیشەی بەخەبەر دەکردەوە وئەویش نوێژی وێتر دەکرد). واتا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەرەتای شەودا عائیشەی هەڵنەدەستاند نەدەکردەوە لە خەو، بەڵکو ئەگەر تەنها نوێژی وێتر بمایە بەخەبەری دەکردەوە وڕاستەوخۆ پاش هەستانی نوێژی وێتر دەکرد بۆ ئەوەی خەو نەیباتەوە ونوێژی وێتری لە دەست نەچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3565